# شانۆی هاوچەرخ، شانۆ وێنەیی

شانۆی هاوچەرخ، شانۆ وێنەیی

**نووسەر:**

**بێهزاد سدیقی**[١]

**وەرگێڕ:**

**ڕەحمان عەزیزی**



[١] behzad@cinema-theatre.com

هەموو ئەو شتانەی لەسەر شانۆ ڕوودەدەن، لە نواندنی ئەکتەرەوە تا دەگاتە ڕووناکی و«دیزاینی شانۆ» سینۆگرافیا و دیزاینی جلوبەرگ، وێنەیەک دروست دەکات کە مەبەستی نووسەر یان دەرهێنەری شانۆ نیشان دەدات؛ بۆیە جگە لە دیالۆگ یان توخمەکانی قسەکردن وگفتوگو، زۆربەی توخمە باڵادەستەکانی سەر سەکۆی شانۆ دیمەنی وێنەیی و بینراو زاڵن و ئەم وێنە یان وێنانە، بەو یەکڕیزی و هاوئاهەنگی و هارمۆنییەی دەرهێنەر لە دیمەنەکەدا دروستی دەکات، مانا و چەمکە خوازراوە ومەبەستدارەکانی خۆی بە بینەر دەگەیەنێت.

و هەر بۆیەش لێرەوە ڕۆڵ و گرنگی وێنە لە شانۆی مۆدێرندا گرنگتر دەبێت، چونکە ئەمڕۆ ولەم سەردەمەدا لە زۆربەی شانۆنامە مۆدێرنەکاندا، ڕۆڵی وشە کەمتر لە توخمەکانی دیکەی شانۆ لەلایەن شانۆنامەنووس و دەرهێنەری هاوچەرخەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

بەڵام هیچ کام لە شانۆ مۆدێرنەکان لە وشە -« چ دیالۆگ یان مۆنۆلۆگ» بێبەش نین.

ئەمڕۆ لە شانۆی پۆست مۆدێرن، شانۆی پێرفۆرمێنس، ڕۆڵ و گرنگی وێنە و هەنگاونان بەرەو شانۆی وێنەیی زیاتر دەرکەوتووە.

ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە ژمارەی بینەر و بینەرانی شانۆ لەگەڵ شانۆی وێنەیی زیاد دەکات و وا دەکات زیاتر بیر بکاتەوە، چونکە لەم جۆرە شانۆیەدا هەستی شانۆیی سەکوی شانۆ زیاد دەکات و وێنە کان یەک لە دوای یەک دەبن وڕووداوەکانی دراماکە باشتر پیشان دەدات وە لە وشەکان دوور دەکەونەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئەمڕۆ کار یان ئەرکی شانۆنامەنووسێک زۆر قورسترە لە شانۆنامەنووسێک کە بە یارمەتی دیالۆگ و وشە بیرکردنەوەکانی بە بینەر دەگەیەنێت.

ئێدوارد گۆردۆن کرایگ[٢] دەڵێت: شانۆنامەنووسی باش ئەو کەسەیە کە بزانێت بینین خێراتر و بەهێزتر لە هەموو هەستێکی تر بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

لە درامای وێنەیی -واتە شانۆیەک کە لەسەر بنەمای وشە دروست نەکراوە.

بەڵام وێنە یان وێنەی جوڵاو و وەستاو گرنگترە- جوڵەی ئەکتەرەکان زۆر گرنگن

وە هەندێ جاریش هەموو جوڵەیەک دەبێتە هێما و نیشانەی ئەو چەمکانەی کە شانۆنامەنووس لە مێشکیدایە.

لە کاتێکدا ئەولە شانۆیەکی ئاوادا دەتوانێت لە کەمترین کاتدا بە کورتی چەمکەکانی خۆی پوختتر بگەیەنێتە بینەر.

دەیڤد باڵ[٣] دەڵێت: "وێنەکە ناوەڕۆکەکە پاڵدەنێت وپەستان دەکات، وێنەکە لە شوێنێکی سنووردراردا زانیاری زۆر دەدات وە لە هەمان کاتدا مەودای ئەم زانیاریانە تەنیا بەهۆی سنووردرابوونی پانتایی بینین مەودای دید و خەیاڵی خوێنەرەوە سنووردار دەکرێت".

---

[٢] ئێدوارد گۆردۆن کرایگ (١٦ی ژانویەی ١٨٧٢ – ٢٩ی ژوئیەی ١٩٦٦)، هەندێک جار بە گۆردۆن کرەیگ ناسراوە؛ ئەکتەر و دەرهێنەر و دیزاینەری شانۆی ئینگلیزییە.

**بۆیە هەرچەندە وێنەکان،زانیاری  وە هەموو شتێک کە لەلایەن نووسەر و دەرهێنەری شانۆوە لەبەرچاو دەگیرێت لە دیمەنەکەدا نیشان دەدات،بەڵام خەیاڵی ئەو سنووردار دەکات.**

**هەرچێک بێت دەرهێنەر و شانۆنامەنووسی ئەمڕۆ، ئەو مانایانە دەگێڕێنەوە کە لە وێنەکانی دراماکەیاندا نیشان دەدرێن.**

**لە ڕاستیدا ئەوان زیاتر گرنگی بە وێنە دەدەن نەک بە وشە یان توخمەی قسەو دیالۆگەکە.چونکە وێنەکان ماناگەلێک دەروژێنن کە پەیوەندییان بە بیری بینەرەوە هەیە.**

**دەیڤید باڵ پێیوایە ئەم وێنانە لە بینەرێکەوە بۆ بینەرێکی دیکە وەک یەک نین.**

**دەڵێت: "وێنەکان ئەوشتەی کە دەیزانین بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی ئەوشتەی کە نایزانین فێرمان بکەن".**

**هەرچەندە ئەمڕۆ لە زۆربەی شانۆکانی جیهاندا توخمی قسەکردن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت.  بەڵام مۆدێرنیستەکان یان پۆستمۆدێرنەکان لە شانۆدا بەدوای وشە و دیالۆگدا ناگەڕێن. بەڵکو هەوڵ دەدەن بە یارمەتی ئەم وێنانە بە شێوەیەکی نوێ و هەندێک جار سەیر و سەمەرە کارەکتەریان یان ڕووداوە دراماتیکەکانیان پیشان بدەن.**

**تەنانەت بە یارمەتی سلاید، وێنە، شریتی ڤیدیۆیی، وێنەی سوریالیستی یان وێنەی تری واقیعی وێنەی دیکە دروست دەکەن و ئەم وێنانە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەکەن و هەروەها تێکەڵیان دەکەن بۆ وێنەیەک کە لە چوارچێوەی شانۆکە یان گۆشەیەکی چوارچێوەی شانۆکە دەبینرێت.  ئیلهامبەخشن بە چەمک و مانای نوێ و هەمەچەشن بۆ بینەر.بە جۆرێک دەکرێ بڵێین لە دیمەنێکی وادا لابیرینتێک لە مانا و چەمکەکان سەرهەڵدەدات ودروست دەبێت، بەپێی ژمارەی هەر بینەرێک ئەم مانا و چەمکانە فراوانتر دەبن.**

**بەکارهێنانی وێنەکانی تری وەک سلاید، وێنە، تابلۆ، دیزاین یان فیلم لەگەڵ ئەو وێنانەی کە ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ دروستی دەکەن، دواجار دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زانست و زیادکردنی ئەزموونەکانی لەو شتانەی کە بینیویەتی و تەنانەت بیستوویەتی.**

**جۆرجی کاپس [4]دەڵێت: "زمانی وێنە،بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە هەموو ئامرازەکانی تری پەیوەندیکردن توانای بڵاوکردنەوەی زانیاری هەیە .**

**زمانی وێنەکان ڕێگە بە مرۆڤ دەدات ئەزموون بکەن و ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی دیارو بینراو  بەڵگەیان لەسەر تۆمار بکەن."**

---

[3] **| دکتۆر دەیڤید بۆڵ، دراماتیست و ئەکتەر و مێژوونووسی شانۆی پێشووی زانکۆی کارنێگی مێلۆن، براوەی چەندین خەڵاتی هونەری و ئەدەبییە. تۆپ زیاتر لە سەد شانۆگەری لە شانۆی پیشەیی و ناوچەیی و زانکۆیی نمایش کردووە. کتێبی شێوازی تەکنیکی خوێندنەوەی شانۆنامەکان زیاتر لە سی ساڵە لە زانکۆ و قوتابخانەکانی شانۆدا دەوترێتەوە و بە یەکێک لە پرفرۆشترین کتێبەکانی مێژووی شانۆی ئەمریکی دادەنرێت.**

[4] **-جۆرجی کاپس**

**((György Kepes) لەدایکبووی ٤ی ئوکتوبر ١٩٠٦ - ٢٩ی دسامبر ٢٠٠١) نیگارکێش و فۆتۆگرافەر و دیزاینەر و پەروەردەکار و تیۆریستێکی هونەری لەدایکبووی هەنگاریا بووە. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٧ کۆچی کرد بۆ ئەمریکا، لە نیو باوهاوس (دواتر قوتابخانەی دیزاین، پاشان پەیمانگای دیزاین، پاشان پەیمانگای دیزاینی ئیلینۆیس یان IIT) لە شیکاگۆ وانەی دیزاینی کرد. لە ساڵی ١٩٦٧ سەنتەری توێژینەوەی بینراوی پێشکەوتوو لە پەیمانگای تەکنەلۆژیای ماساشوستس (MIT) دامەزراند، لەوێ تا خانەنشینبوونی لە ساڵی ١٩٧٤ وانە وتەوە.**

تایبەتمەندییەکانی شانۆی بینراو لە توخمەکاندا کورت دەکرێنەوە کە ئێمە بە وێنە ناویان دەبەین. ئەم توخمە بینراوانە لە جووڵە و ڕەنگ و پێکهاتە و ڕووناکیدا کورت دەکرێنەوە، هەرچەندە بزووتنەوە ، جوڵە نواندنی ئەکتەر و ئەو ئامرازانە کە لەلایەن ئەکتەرەوە بەکاردەهێنرێت ودەجووڵێت دەگرێتەوە. ڕەنگ و ڕووناکی لەلایەن دیزاینەری جلوبەرگەوە و دیمەنی شانۆ و ڕووناکیەوە دەردەکەوێت و پێکهاتەکەی لە بنەڕەتدا پەیوەندی بەدەست لێدانی ئەکتەرەوە لەسەر شتەکانی سەر شانۆ دروست دەبێت.

هەموو ئەم توخمانە بە هەستی جوانیناسی دەرهێنەر و دیزاینەرانی هونەری بەرهەمێکی شانۆیی پشت دەبەستێت.

بەڵام لەم نێوەندەدا جوڵەکانی ئەکتەر لە توخمەکانی تر گرنگترە. چونکە لە شانۆی مۆدێرن ئەگەری ئەوە هەیە دیزاینێکی هونەری تایبەت بەکارنەهێنرێت وە تەنها ئەکتەرە بە جوڵەی دەموچاوی وجەستە و دەربڕینی وێنەی جۆراوجۆری دروست دەکات کە چەندین مانا لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت ، و بەم مانایە ڕەنگە زۆر لە مایم یان پانتۆمایم نزیک بێت.

ئۆرلی هۆڵتن دەڵێت: "ڕەچاوکردنی جوانیناسی" بۆ دروستکردنی وێنەی دیمەنێک لە دیمەنێکی پەنجەرەدا، لە بنەڕەتدا هەمان شتە کە لە نیگارکێشان و فۆتۆگرافیدا هەیەوباسی لێوە دەکرێت. ئەم ڕەچاوکردنانە بریتین لە یەکێتی، فرەچەشنی، هاوسەنگی و جەختکردنەوە.

هەروەها دەڵێت: "لە شانۆدا، دەرهێنەر دەبێت دڵنیا بێت لەوەی کە خاڵی جەختکردنەوە یان ئەو خاڵەی کە سەرنجی بینەر بۆی ڕادەکێشرێت، ئەوەندەی وێنەیە، ئەوەندەش نمایشیە".

بۆیە شانۆی وێنەیی زیاتر لە جاران جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خاڵە سەرەکییەکانی دیمەنەکە دەبێت توخمە وێنەیی وبینراوەکانیان هەبێت و جوانناسیی خۆی بهێنێت.

هۆڵتن دەڵێت: "ڕەچاوکردنی شانۆیی وێنەیی دەبێ ڕەچاوکردنی جوانناسیی لەگەڵدا بێت."

بۆیە لە شانۆی وێنەیی جوانناسیی شانۆ بە هۆی دیدگای دەرهێنەر و پاشان ئەکتەرەکان و ئەندامانی گرووپی نمایشەوەکە لە دەقەکەدا دروست دەبێت و دەتوانێت سەرنجراکێشی بکات.

لە نمایشەکانی ساڵانی ڕابردوودا لە شانۆی ئێرانی دا، جۆرێک لە شانۆی وێنەیی لە لایەن ئاتیلا پیسیانی - نووسەر، ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆ- پێشکەش کراوە کە بە نمایشی «حشمەت» لە دەرهێنانی بەهرام عەزیمپوور دەستی پێکرد و پاشان لە نمایشەکانی "دامبی خەوتوو"و "بسە بێدەنگ بە" بەردەوام بوو.




شانۆیی "گەنگ خواب دیده" دەرهێنەر: ئاتیلا پێسیانی

لەم دوو نمایشەدا وشەکان بە کەمترین شێوە بەکاردەهێنرێن،واتە ژمارەیەکی زۆرکەم دەنگ یان وشە بەکارهێنراو، و ئەوەی لەسەر شانۆ ڕوودەدات دەرئەنجامی نواندنی ئەکتەرەکان و گرتە ڤیدیۆییەکان و چەندین سلایدە.

لەم دوو نمایشەدا سنۆگرافیا و جلوبەرگ و ڕووناکی لەگەڵ دەقەکەدا هاوسەنگ بوون و بینەر ئەوەی لەسەر شانۆکە ڕووی دەدا قبوڵیان کرد.



هۆمایون غەنیزادە "می سی سیپی بە دانیشتنەوە دەمرێت"١

هەرچەندە ڕەنگە لە ڕووی بینراوەوە زۆر سەرنجڕاکێش نەبێت، بەڵام دیمەنەکە و ڕووداوەکانی بەهۆی هاندان وروژاندنی هەستی بیرکردنەوەی بینەرەوە قووڵی و دەوڵەمەندییەکی زۆریان هەبوو، وە بینەران دواجار بەرهەمێکیان دەبینی دواجار بینەر کارێکیان بینی کە لە شانۆکانی تر جیاواز بێت و وای لێکرد زیاتر لە جاران بیر بکاتەوە.



هۆمایون غەنیزادە "می سی سیپی بە دانیشتنەوە دەمرێت"٢

لە نێو دەرهێنەرەکانی تردا، لە نەوەی پێشووەوە، دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمەکانی دکتۆر عەلی ڕەفیعی بکەین: یادی ساڵانی خۆڵ، ڕۆژێکی یادگاری لە ژیانی زانای گەورە وو، زەماوەندی خوێن، ڕۆمیۆ و جولیەت، شازادەی ئێهتجاب و نووکەرەکان، کە بەرهەمەکانی ئەم دەرهێنەرە بوون، لەم ساڵانەدا چووە سەر شانۆ، هەریەکەیان جوانیناسییەکی باشی شانۆیان هەبووە.



"بیرەوەری و کابوسەکانی پیاوێکی پۆشاکدار لە ژیان و کوشتنی میرزا تەقی خان فەرەهانی" لە دەرهێنانی د.عەلی رەفیعی –

**لە راستیدا عەلی رەفیعی وەک دەرهێنەر و وەک دیزاینەرێکی هونەری نمایشەکانی، لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی گۆردۆن کریک و ئەدۆلف ئەبیا، وێنەی لەسەر شانۆکە دروستکرد کە هاوتەریب بوو لەگەڵ دەق و دەرهێنانی نمایشەکە، و چەندین جوانی هێنایە ئاراوە چونکە هەمیشە باسی دیزاینی فەزا دەکات و پێی وایە ئەوەی لە کارێکی شانۆیدا بوونی هەیە ئەو فەزایەیە کە ئەکتەر و دەرهێنەر دروستی دەکات و هەموو ئەو شتانەی کە وەک ئیکسسوار لەسەر شانۆ بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوە "فەزای شانۆیی " دروست بکرێت .**

لە نێو شانۆکانی ئەم دەرهێنەرەدا کە هەموویان لەسەر بنەمای دیالۆگن، «یادەوەریی ساڵانی خۆڵ» بە ناوازە دادەنرێت، کە ڕەنگە لە نێو هەموو شانۆ نمایشکراوەکاندا جیاواز بێت، چونکە لەم شانۆیەدا چەندین وێنە بە بەکارهێنانی و کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکە سینەماییەکان و تەکنیکی وێنەگرتن لەم شانۆیەدا دەبینرێت. وەک جوڵەی خاو کە چەندین سەرنجڕاکێشی بۆ بینەر دروست دەکات، وەک ئەوەی بینەر ڕووبەڕووی کارێکی سینەمایی بێتەوە و جوڵەی ئەکتەرەکان و دیزاینێکی نایابی ڕووناکی شانۆ کەش وەک چوارچێوەیەکی سینەما لەبەردەم بینەردا پیشان بدرێت.



«یادەوەریی ساڵانی خۆڵ»

ڕافیعی بۆ ئەوەی هەستێکی جوانیناسیی شانۆ لە شانۆکانیدا دروست بکات، کەمترین ئامێری شانۆ بەکاردەهێنێت، لە ڕاستیدا بە یارمەتی ڕووناکی و ڕەنگی گونجاو و بەو هارمۆنییەی کە لە نێوانیان و هەموو توخمەکانی شانۆدا دروستی دەکات، دەیگەیەنێت چەمک و ماناکانی کارەکانی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، هەموو شتێک پیشانی بینەر دەدات؛ بێگومان دەبێت بڵێین بەرهەمەکانی ئەم دەرهێنەرە بێ کێشە نین.

دەرهێنەرێکی دیکەی نەوەی نوێ کە گرنگی بە توخمەکەی وێنە و ڕۆڵەکەی دەدات، محەمەد یەعقووبییە.

یاقوبی هەروەها لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا (لە ساڵی ١٣٧٦ هەتاوی تا ئێستا)

ئەو نمایشانەی هێنایە سەر شانۆ، بە یارمەتی ئەکتەر و دیزاینی شانۆ کە زۆرجار لەسەر بنەمای ڕیالیزمە، هەروەها بە بەکارهێنانی تەکنیکی سینەمایی وەک گۆڕینی گۆشەی بینین بە جوڵاندنی دیمەنەکە لە شانۆی "سەمای کاغەزە دڕاوەکان". ، پیشاندانی ئەو دیمەنانەی کە لە هەمان کاتدا ڕوودەدەن و بە جۆرێک، مۆنتاژکردنی وێنەکان لە شانۆی ""کەواتە تاڕۆژی دواتر" و جووڵە بەرەو پێشەوەی شانۆکە وەک "تراک ئین" لە شانۆی "یەک خولەک بێدەنگی" هەروەها بەکارهێنانی کامێرای ڤیدیۆیی و پرۆجێکشنی ڤیدیۆ لە هەمان نمایشدا وێنە لەسەر شانۆکە دروست دەکات کە ڕەنگدانەوەی واقیعەکانی کۆمەڵگەی دەوروبەریان بێت.

ڕەنگە وا دەرکەوێت کە بەکارهێنانی هەموو ئەم تەکنیکانە پێکهاتەی بەرهەمەکەی لە ڕیالیزم دوور بخاتەوە، بەڵام هەرگیز ڕیالیزمی بەرهەمەکانی کەم نەکردۆتەوە.



شانۆی "سەمای کاغەزە دڕاوەکان".

لە ڕاستیدا وێنەکانی هەمووی لەسەر بنەمای واقیع و ئەو وێنانەی لە دیمەنەکەدا دەبینرێن لەگەڵ نواندنی ئەکتەر و دیزاینی دیمەن و ڕووناکی، هەروەها هەندێک جار وێنە کامێرا یان سلایدەکان یان فیلمەکان کە بە پرۆجێکشن یارییان پێدەکرێت و تەنانەت ئەو دیالۆگانەی کە لە خەڵکی نمایشەکەوە دەڕژێن. هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای ئەو سیستەمە بینراوەیە دامەزراوە کە لەسەر شانۆ دروستی دەکات و بێگومان هەموو ئەمانەش دەتوانرێت بە یارمەتی زۆر و یەک لە دوای یەک پەیوەندییەکانی ڕووناکی دەردەکەوێت .

تەنانەت نمایشی شانۆیی "دڵی سەگ " کە لەلایەن ئەوەوە لەسەر بنەمای ڕۆمانێکی "میخائیل بولگاکۆڤ" نمایشکرا، دەرئەنجامی ئەم دیدە سینەماییە بوو کە وێنەی ڕۆمانی بینراوی پێشکەش بە بینەر دەکرد.




نمایشی شانۆیی "دل سەگ" لەسەر بنەمای شانۆگەرییەکی محەممەد یەعقوبی و دەرهێنانی ئایلین کیخایی

**بەم شێوەیە دەبینین کە گرنگیی وێنە لە شانۆی هاوچەرخی ئێراندا زیاتر بەرچاو بووە**

**و دەرهێنەرانی شانۆ، بۆ سەرنجڕاکێشانی بینراوی شانۆکانیان گرنگییەکی زۆر بەم توخمە داوە کە لە پێکهاتەی دیمەنەکاندا دەردەکەوێت.**

# شانۆی هاوچەرخ، شانۆ وێنەیی



بێهزاد سدیقی

وەرگێڕ: ڕەحمان عەزیزی